کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
2-6-2007 17:32بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## پێنووسە ماشۆڕەکان بۆ لە دژی (کاک نە وشێروان) دا ئە نووسن!!!... ستار کوڵە جۆیی

شک لەوەدانیە هەلپەرستان بەرژەوەندی خۆیان لا یان گرنگە، لە هەموو کات و سات و شوێنێکدا بە گوێرەی بەرژەوەندیە کانی خۆیان هە ڵسو کە وت لە گەڵ دەورو بەریان دا ئەکە ن. گرنگ نیە بەلای هەلپەرستانەوە کێ لە سەر هەقە و کێ نا هەقە، گرنگ بەلایانەوە ئەوەیە کێێ خاوەن قودرەتە و لە دەسەڵاتدایە، تا وەکو بە شان و باڵیان دا هەڵدە ن، لێیان هە ڵکرێنن، پلە و پایە کانیان بپارێزن و دەسکەوت لە دوای دەسکەوت بە دەس بێنن. لەم جۆرە مرۆڤا نەدا شتێ نیە بە ناوی پرنسیپڵ و هەڵوێست. ئەمانە لە هەرلایەکە وە با بێت شەنی خۆیان ئە کەن. بۆیە پێنوسەکانیان هەمیشە مل کەچوو مل شۆرە لە ئاستی دەسەڵات و باڵادەستەکانی ناو دەسەڵات. پیشەی ئەم ئۆپۆرتۆنستانە خۆهەڵواسین ومامە حەمەیی و دووڕوویی و ما ستاو کردنە بۆ ئاغاکانیان.

ئەگەر ئە و قەڵەمانەی پێ ئەنووسن زمانیان هە بووایە پڕ بە گەرو هاواریان ئەکرد شە رمەندە ین ئێوە هەر ڕۆژە بەشان و بالی یەکێکدا، پیمان دەنووسن، سفرە نەماوە ئێوە قاپە کانیتان نە لێستبێتەوە، دەست نەماوە ملتان بۆ شۆڕ نەکردبێت، وە حزب و باڵا دە ستەکانی ناو حزبە کاندا نەماوە گیرفاتان لێیان پڕ نەکرد بێ، د یوەخانی مامە و کاکە ئە مرۆ چەورە بۆ سەر سفرەکانیان پاڵەپەستۆتانە، ئێدی ئێوە چۆن ئەتوانن ببنە خاوەن وجدان وهەڵویست چۆن دڵتان د ێت دە ست بە ردارى دیوەخان و سفرە بن، ڕاست و نا ڕاستیەکان ببینن، ئێوە نان بە نرخی ڕۆژ ئەخۆن و شە ق ئەدە ن لە بە رژە وەندیە گشتیەکان لە پێناوی گە یشتن بە بە رژە وندی تایبە تیە کانیان خۆتان ئامادە ن تە نە زول بۆ هە موو کە سێ بکە ن.

زۆر جارسەگ بە مانگە شە وە و ئەستێرەکانی دەوەڕێ. نوشێروان مستەفا ئەو ئە ستێرە گەشاوەی ناو ئاسمانی کوردەوارییە کە هەردەم ڕێگا نیشاندەرو پاڵپشتی ڕەش و ڕووتی میللە تەکەی بووە، دژی زۆردارو پاڵپشتی ستەم لێکراوان بووە، دژی خۆفرۆش و هاوسەنگەری شۆڕشگێڕان بووە، زەنگێکی بەهەێزو ووشیارکردنەوەی ناو حزب و کۆمە ڵگا بووە، بۆ ئاگادارکردنەوەی خە ڵک لە نا بەرابەری و ڕاوڕووت و بە هەدەردانی سەروەت و سامانی خەڵک و نا عەدالەت لە دابەشکردنیدا، تا کە دەنگی بوێر بووە، دە ستی ڕاکێشا بۆ گەندەڵی یە کانی ناو (ی.ن.ک)، تاکە هەڵوێست بوو لە هەمبەر ئەوانی بەغە یرە شەرعی سەروەت و سامانیان کەڵەکە کرد لە ماوەی سێ و دوویە کدا.
نوشێروان مستەفا تاکە خەمخۆر بووە، کە ڕیزەکانی ناو (ی.ن.ک) لە کەسانی سیخوڕو دزو ناپاک و گە ندەڵ بپارێزێ و (ی.ن.ک) ی لێ بەئاگا بهێنێ، یەکەم کەسیش بووە داوای چاکسازی و پاکسازی کرد لە ناو (ی.ن.ک) دا تاوەکو یە کێتیش لە ڕیزی ئەحزابە بنە ماڵەیی و تایەفە و تایفە گەرایەتی نەبینرێ، مۆرکی حزبی دواکەوت و عە شیرە گە ری لە تە ختی تێوڵی نەدە رێ و وە لەڕەوڕەوەی خە باتی سەردە میا نە و مۆدرن و دیموکراتخوازانە و شە فافیەتگەری ئەم سە ردە مە بێ بە ش و دوا نە کە وێ. ئە م زاتە ئە وەی بیری لێ نەکردبێتە وە بە رژە وە ندی خۆی بووهەر لە سە رەتای دروست بوونی یە کێتیە وە تا ئە مرۆکە کە سایە تی خۆی پاراستوە.
لە کام ڤیلا، ڕیزە دوکان، یا ڵە خانە، کەمپەنی و شەریکی کۆمپەنیای مۆبایلی کوردستاندا، پشکی کاک نەوشیروانی تێدایە؟ کام کەس و کاری باڵا دە ستە و بەواستەی ئەوەوە پۆستی پێدراوە؟ کام با نک سەروەت و سامانی کاک نەوشێروانی تێدا کەڵەکە کراوە؟ وەکو ئەو نامەسئولانەی ناو ئەحزابەکانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

2-6-2007 17:32بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ئەمڕۆی کوردستان کە وەکو فرعە ونەکان هە موو سەروە ت و سامانی کوردستانیان بە سەر خۆیان و کە س و کاریاندا دابە شکردوە، کۆمپەنی نیە لە کوردستاندا ئەگەر سەهەمی مە سئولێکی تێدا نەبێی، شارێ نەماوە ئە رزەکانی بە سە ر پیاوانی فرعەونەکاندا دابە ش نە کرا بێت. قەڵەمە گەنەدەڵە کان هەردەم لە گە ندە نووسیندا خۆیان ئە بینە وە، بۆ گە ندە ڵی و گە ندڵ کاران ئە نووسن و لە سایەیاندا ورگ و گیرفانیان پڕئەکە ن، ئیتر چۆن لە دژی کاک نە وشیروان کدا نانووسن کە دژی گە ندە ڵی و گەندە ڵکارانە و نانبڕی قە ڵەمە مل شۆڕو بوودە ڵە کانە و لە دژی ئەواندا پرۆسی پاکسازی دەست پێ کرد کە دوواتر بوو بە پرۆژە یەکی چارە نووس ساز بۆ ئە مڕۆی دە سە ڵاتی کوردی کە بێ ئە م چاکسازی و پاکسازیە محاڵە دیموکراسی و مافی مرۆڤ و گۆمە ڵگای مە دە نی بنیاد نە رێ لە کوردستاندا. با قەلەمە مل شۆراکان بزانن چۆن قەلەم بەدەستەکانی دوێنێی بەعس ئەمرۆکە سەرشۆرن ئاواش، قە لەمە سەر شۆڕ مل شۆڕەکانی ئە م ڕۆیش لە زە بڵدانی مێژوودا مل و سە ری شۆڕیان لە زە بڵدا نووقم ئە بێت.

کە نە دا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.